
دەستەی زانایانی ئیسلامی لە عێراق: سبەی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە



دەستەی زانایانی ئیسلامی لە عێراق ڕایگەیاند، بڕیارێکی ئاسایی سەلمێندراوە کە سبەی یەکشەممە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە و بەو بۆنەیەوە پێرۆزبایی لە تەواوی مسوڵمانان دەکەن. ئەوە لەکاتێدایە وەقفی سوننی عێراق ڕاگەیاندبوو، "سبەی تەواوکەری مانگی ڕەمەزانە و دوشەممە جەژنە".

دەستەی زانایانی ئیسلامی لە عێراق، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڕیاریکردووە، "بە شێوەیەکی یاسایی سەلمێنراوە کە سبەی یەکشەممەیە هاوتایە لەگەڵ 30ـی (ئازار/3)ـی 2025 یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە بە ساڵی 1446ـی کۆچی و بەو بۆنەیەوە پێرۆزبایی لە تەواوی مسوڵمانان دەکەین".
ئەوە لەکاتێکدایە دیوانی وەقفی سوننی لە عێراق ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڕیاریکردووە، سبەی یەکشەممە 30ـی (ئازار/3)ـی 2025، دوا ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پێرز دەبێت، هەروەها ڕۆژی دوشەممە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دەبێت.